# لەوديو . . .پەنجەرەی کوخەکەی
# علی معروف . . . چیم دی

نوسینی : ئازاد پێنجوێنی

لە قوڵایی ناخی هەر مرۆڤێك . . . ئازارێکی بێ دەنگ هەیە . ئەو بەیانیە باراناویە . . درکم بەوەکرد . کە ئازاری بێ دەنگی من . . جیاوازە . .

ئازارێك . . کە دەرمانی نەبوو . . بەڵام خۆش بەختانە بەو سیفەتەی ئاشنایەتیەکی تەواوم لە تەواوی باراندا هەیە . . لەبەرئەوە . . تنۆك . . تنۆك . . لە ئاوی بارانەکە پێش ئەوەی دایکەنە سەر زەوی . ئاوێتەی ناخم دەبوون . . شنە بایەکی ئارام گرتوو . . هەموویانی بەرەولای من دەهێنا. بە تەواوی تەڕ بوویوم. . تاکو گەیشتە ناخم و ئارامتر دەمنواند . . هەستم کرد. ئەو ئازارەم بێ دەنگی شکاندوو. . بە چرپە بە رۆحمی وت . . .هەر دەبێت ئێستە بە نێو ئەو بارانەداو بە سەرنجدانی شەونمی بەجێماوی سەرگەڵا بێ ئازەکان برۆیت . . پیاوێکی جیاواز هەیە. هەر دەبێت بچیتە دیدەنی .. چەند پاساریەك کە شەقەی باڵیان بوو بەنێو دارە تەڕبوەکاندا . . کەوتنە سەماوو . . گۆڕانییان دەوت . . جار جارەش بەنێو تنۆکی بارانەکەدا بە باڵەکانیان یاری ژیانیان دەکرد. هەموو پاساریەکان هاتنە سەر سەرو سەرشانم. زۆر هەستم بە بەختەوەری کرد . . . وتم چ دیمەنێکە یاران.

ئاخر من لە کەش و هەوایەکی باراناوی و دەنگی پاساری و سەمای هەموو ئەو داروردەختە پڕ لە هیوایانەدا . . بۆ ئۆقرە ناگرم . . چ شتێك ڕویداوەو من نەم زانیوە .

ئاخر پاساریەکان هەستیان بەم ئۆقرە نەگرتنەی من هەر زوو کرد. هەر بۆیە بەدەم باڵە فڕێوە . . بە منیان وت . . هەر دەبێت مرۆڤێکی جیاواز هەیە . بیبینیت ئەو جیاوازتر لە هەر ئازارێك . . لە هەر داهێنان و تێ فکرینێك. . بە پاساریەکانم ووت . . تکایە پێم بڵێن ئەو کەسە کێ یە .

باڵیان دا بە یەکداو ئاوی بارانەکەیان . . لە پەڕو باڵیان لێ کردەوە بەدەم گۆرانی ژیانەوە . . . بەیەك دەنگ وتیان . . . مەبەستمان ( بەهرەوەردیە ) . . ئەو پیاوەیە کە بە تەنیا سەمای ئەندێشەکان ئاوێتەی رۆحە پاکەکان دەکات . . . ئەو پیاوە عەلی معروفی شاعیرە . کە سەرتاپای جەستەی وەك گڕو ئاگر پڕە لە ئەفراندنی ووشە.

یەکێك لە پاساریەکان کە دیار بوو سەرپەرشتیاریان بوو . . بە منی وت . . دەتەوێت بیناسیت .

بە حەسرەتەوە . . وتم . . ئەی چۆن . . . من زۆر دەمێکە دەمەوێت بە ( بەهرەوەردی ) شاعیر ئاشنابم.

بارانەکە . . . نمە نمە دادەباریە سەر سەر زەویە تەڕبوەکە . لەنێو چاڵی بن دارەکان. . ئاوێکی زۆر کۆبووەوە کە هەستم کرد وێنەی شاعیری تێدایە . بینم بە تەنها و بێ دەنگی بۆ ژیان لەنێو کوخێکی تەنیادا. لەسەر ئەژنۆ دانیشتووەو دەنوسێت بۆ ئەمری .

سوپاسی پاساریەکانم کرد . . بە ئاوازی ئەمریەوە ئەوانیش بەنێو چڵی دارەکاندا بڵاوەیان کرد . . و بەیەکجاری ماڵ ئاواییان کرد .. جگە لە تنۆکی بارانەکە. . هیچ شتێك . . لە دەورم نەما . . . تەنها



Scanned by CamScanner

ئاوازێکی نامۆ دەهاتنە بەر گوێم کە دیاربوو دەنگی زوڵاڵی شاعیر بوو کە شیعری دەخوێندەوە . . .بۆ بونیاتنانی کوڕێکی سروشتی . . ئای خودایە چ سروشتێك . . . کە هیوا بەخش بـوو لـە بـۆ مرۆڤایـەتی . . . بـە هەڵەداوان . . ڕۆشتم . . هەر ڕۆشتم تا ئەوەی بە تەواوی نزیك بومەوە لە کوخەکە .

ویستم لە دەرگا بدەم و بچمە نێو ژیانیەوە . . . بەڵام چەند دەنگێك لە تکەی بارانەکە بـە منیـان وت . . تکایە لەو بێ دەنگی و تێ فکرینەی . . . دای مەبڕە . . . ئەو و ئێستا خەریکی خۆشـۆردنە بـە قـوڕو ئـاوی باران بۆ بێ گەردی شیعرەکانی . . . ئەو مەلە دەکات . لە ئاوی ژیاندا و . . . شـیعرەکانی ڕادەهـێنێ لـەنێو ئاودا سەما بکەن . . . بەهرەوەردی. لەم کوخەدا بەدەم داهێنـانی ووشە. شیعریە جیاوازەکـانی بـۆنی گـوڵی ڕاستەقینە دەکات . . ئەو گوێ دەگرێت. لە نەغمەی باڵندەکان . . . لە دەنگی تکەی بارانی هەمیـشەیی بـۆ نێو تەڕبونی دڵەکان . . بڕۆ لەنێو ئەو پە نجەرەیە بڕوانەو بەبێ دەنگی تێ ڕامێنە بۆ ئەم شاعیرە.

ئەو فرمێسکەکانی بۆ جوانی ژیان وەك ئاوی ئەو بارانە . . نم . . نم دەباری و . . تنۆك . . .تنۆك . . بە چاوە قەتیس ماوەکانیدا دێتە خواری و ڕوبارێکیان لەنێو ئەو کوخەدا خوڵقاندووە کە ئەو ڕوبـارە پـڕن لـە هەناسەی شاعیر.

کوخە قوڕینەکەی بەهرەوەردی شاعیر . . . کوخێك بوو جیاواز لە هەر لانەیەکی مرۆڤـەکان . . کوخێـك کە لە پشتی سروشتیشەوە نابینرێت و هەستی پێ ناکرێت تەنها بە ڕۆح نەبێت.

لە گوێ ڕوبارێکدا . . . بەهەر چوارلادا . . گڕو ئاگر . . لەناویشەوە سەمای ئەندێشە دڵێکـی . . پـڕ لـە حەسرەت . . بۆ بینینی ئـەم کوخـە دەبوایـە . بـەنێو تاشـەبەردوو هـەورازو نـشێوەوە بگەیتـە ئەوپـەڕی ماندویەتی تاکو پێی بگەیت . ئیدی دوای گەیشتن بە کوخەکـەی تەنیاییەکـەی شـاعیر ئاشـنا دەبیـت بـە بەختەوەری . . ئاخر لە خۆڕا پاساریەکان نەیان دەوت . بینینی شاعیر هەروا سانا نیە . . گەر بتـەوێت . . بچیتە دیدەنی شیعرەکانی و ئازارە بەردەوامیەکانی. دەبێت هەوڵی بێ وچان بدەیت.

دەنگێکی زوڵاڵ و بەرز دای بڕیم لە سەیرکردنی کوخەکە کە دەیوت . .

حەز دەکەم ببمە ژەمە خواردنی پاساریەك
کە لەسەر چڵی دار نێرگزێك دەخوێنێ
وە دواجاریش بە دەنگێکی ئارام دەیوت

تکایە بمبەخشەن کە نەمتوانی ئاوێزانی عیشقێکی ماندوبیم. تکایە بمبەخشەن کە هاتنە سەر گۆڕەکەم و نەمتوانی لەبەرتان هەستم . . . ئەوەتا من شیعرەکانم سپاردوە. بە پاساریەکان . . ئـەوان بـۆ ژیـانێکی نەمری من . . دوای کۆچم بۆتان دەکەنە دیاری هەناسەی ئارامیتان . . هـەرزو زانـیم ئـەو دەنگـە جیـاوازە خۆیەتی. بەڵێ ( بەهرەوەردی ) بوو . . بە ئەسپایی بێ ئەوەی بێزاری بکـەم . . چـومە نزیـك پە نجەرەکـەو چاووم لێ نەتروکاند .

چیم دی . .

پیاوێك . . پڕ لە سینەی میوەجاتی ڕۆح و ئەندێشە . .



Scanned by CamScanner

گریانێکی قوڵی هەمیشەیی لەنێو ناخیدا . .
کە هیچ نیگایەك بۆی ناشارێتەوە
خەندەیەك بۆ ژیان . . کە بە هیچ خەمێك
کاڵ نابێتەوە .
شاعیرێك . . . لە حەقیقەتی ژیان . . . لە داهێنان . . پڕ لە میهر .
نوسینی شیعرێك . . بەدەم هەنسکی ژیانەوە بۆ مرۆڤایەتی . . دانانی قەسیدەیەك . . بۆ عاشقانی سروشت و دنیای جوانی . . کە بە فرمێسکی چاوی قەڵەمەکەی ئاوێتەی نێو ڕۆحی دەبوو .
ئەو ئازارە بێ دەنگیەی کە لە قوڵایی ناخیەوە . . . دەبینرا . . . بە خوێندنەوەی هەر کۆپلەیەکی . . ئێمەش پڕ دەبووین لە ئازار . . . بەڵام ئازارێکی ئارام بەخش . . بۆ سارێژی هزرەکانمان . . . بەڵێ لەودیو پەنجەرەی ماڵێك لە قوڕ . بە هاوڕێیەتی باران و . . چۆلەکە پاساریەکان . . ئەم شاعیرە بە ئەزمونەم . . لەنێو خەیاڵی بونمدا . . . ئاوا ناسی .



Scanned by CamScanner